کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:07 14-4-2007

## نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.. بابەت/ ڕێگای (زەرد و ئەیلول) لە بازگەی هەولێر-کەرکووک ... کادیرو پێشمەرگەیەکی (ی ن ک)

بەڕێزم هەموو کاتێك کەوا باس لە کێشە ناوخۆییەکان دەکرێت، دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان باس لە یەکگرتووی خیتابی کوردی دەکات، جا چ لە ناوخۆی هەرێم و چ لە دەرەوەی کوردستان بەتایبەت لە نێو حکوومەتی فیدراڵی ئێراق. ئەمە بە ڕاستی شتێکی دڵخۆشە کەوا بەر گوێی خەڵك دەکەوێت، سەرەڕای بوونی کۆمەڵێك کێشەی ئابووری. ئەگەر خەڵك ئەمڕۆ بێ دەنگە، مانای ئەوە ناگەیەنێت کەوا هیچ کەم و کوڕیەك لە نێو ئەم هەرێمەدا نیە. بێ دەنگی خەڵك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە گەلی کورد جارێکی تر نایەوێت ژێر دەستی فارس و تورك و عەرەب بێت، ئێوەی بەڕێزیش ئەمە لە من باشتر ئەزانن. من نووسەر نیم بۆیە بمبورن ئەگەر سەریشتان بێشێنم بەڵام هەندێك شت لەم وولاتە ناچارت ئەکات کەوا ببیت بە زۆر شت کە ڕۆژێك لە ڕۆژان باوەڕم نەئەکرد کە من بتوانم چەند دێڕێك بنووسم، بەڵام ئێش و ئازاری نەتەوەکەم لە ژێر دەستی دەسەڵاتی خۆماڵی وای لێکردم کە ئەم چەند دێرە بنووسم.

سەرۆکی بەڕێز ...

هەر کاتێك باس لە کەسایەتی بەڕێزت ئەکرێت، گەنجێکی خاوەن کەسایەتیەکی سەردەمیانە بە مێشکماندا گوزەر ئەکات (تا وەکو ئێستا من وا تێگەیشتووم گەر هەڵە نەبم)، وە کەسایەتیەك بە بیرمان دادێت کە دژی نایاسایی و دژی تۆوی دووبەرەکییە، بەڵام نازانم بۆچی بۆ ساتێك چاو بە نێو دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش ناخشێنیتەوە. بۆچی ڕێگا لەو کەسانە ناگریت کەوا بە نێوی ئاسایش ئیهانەی ئەوانە دەکەن کەوا لە پارتەکەی بەڕێزت نین، من نالێم هەموو ئاسایش بەڵام کەسانێکی نێو ئاسایش وا ڕەفتار دەکەن کە وا هەست بکەین ئیتر هیچ گۆڕانکاریەك لە دوو حکومەتەکەی جاران نەبووەو یەکگرتنەوەو کابینەی پێنج تەنها لەسەر کاغەز کراوە، ئەگەر وایە فەرموون ڕاشکاوانە بە خەڵك ڕابگەیێنن کەوا تا ئێستا ئێمە دوو حکومەتی جیاوازین، یاخود وەك جاران بارەگای حکومەتەکەی سلێمانی ڕەوانەی سلێمانی بکەن و جارێکی تر دوو حکومەتی ڕابگەیەنن، ئەو کاتە دڵنیا بە هیچ کەسێك گلەیی لە دەسەڵاتدارانی حکومەت ناکات. چونکە ئەو کات ئەزانین ئیتر دەسەڵاتی زەرد دەسەڵاتی سەوز ناخوێنێتەوە و بە هەمان شێوەش دەسەڵاتی سەوز زەرد ناخوێنێتەوە.

بەڕێزم... ئەگەر ئەم چەند پەیڤەی پێشووم وا نیە و حکوومەت حکوومەتی یەکگرتووە، کەواتە دەبێت یاسا بە یەك چاو کادیرێکی پارتی و یەکێتی و هەموو پارتەکانی کوردستان وەك یەك بخوێنێتەوە چونکە لە ڕاستیدا ئێمە هەموومان لە پاراستن و لە بەرەو پێشبردنی ئەم ئەزموونە وەك یەك بەرپرسیارین بەڵام بەداخەوە من لە پراکتیکدا و لە ڕەفتاری کەسانێکی نێو ئاسایش ئەمە نابینم. بۆ نموونە ڕۆژی 2007/4/13 کاتژمێر 5:33 خولەك لە شاری کەرکووك دەگەڕامەوە، لە ناکاو لە ڕێگا مناڵەکەم باری تەندروستی تێکچوو، بۆیە کاتێك گەیشتمە بازگەی هەولێر، سەیرم کرد زۆر قەرەباڵغە و هەر دەچێت باری تەندروستی مناڵەکەشم بەرەو خراپتر ئەچێت، بۆیە پەلەم ئەکرد بۆ ئەوەی بیگەیەنمە نزیکترین نەخۆشخانە، بۆیە سەیرم کرد خەڵکانێك کەوا ناسنامەی حزبیان پێیە و خێزانداریشن وە لە ڕێگای سەربازی ڕێگایان پێئەدرێت، بۆیە منیش وەك پێشمەرگەو کادیرێکی یەکێتی ناسنامەکەم دەرهێنا بۆ ئەوەی بەم ڕێگا سەربازیە تێپەڕ بم، بەڵام کاکەی ئاسایش ووتی: قەدەغەیە، منیش ووتم کاکە وەك مرۆڤێك هاوکاریم بکە بۆ ئەوەی منالەکەم بگەیەنم بە نەخۆشخانە، ووتی کاکە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

برۆ دواوە، وە خۆی توورە کرد، جارێکی تر منیش ووتم کاکەی ئاسایش ئەی منیش پێشمەرگەم، کاکەی ئاسایش لە وەڵامدا ووتی کاکە بۆ تێناگەیت ئەم رێگایە تەنها رێگای (زەرد و ئەیلولە) نابێت بە ناسنامەی سەوز تێپەربیت. ئەگەر ناسنامەی زەردت پێیە فەرموو بەڵام ناسنامەی سەوز نابێت. منیش زۆر پەست بووم بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبێتە کێشە ناچار بێدەنگ بووم، تاوەکو نیو سەعات وەك ئەم خەڵکە بێ ناسنامانە چاوەرێم کردو هەر دەچوو باری منالەکەشم بەرەو خراپی ئەچوو!!
بۆیە بەرێزم ... ئەگەر باوەڕ ناکەیت و ئەلێیت وا نیە و تۆ هەڵەیت دەفەرموو بۆ یەك سات ببە بە هاولاتیەك و بە (بازگەکەی کەرکوك هەولێر) تێپەر بە. ئەو کات تێئەگەیت لە ژێر چەتری پارتەیەتی چۆن یاساکانی حکومەت پێشێل دەکرێت و خەریکی ژیاندنەوەی تۆوی دووبەرەکین.
کادیرو پێشمەرگەیەکی (ی ن ك)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.